# رۆژ ژمێری  شێتێك

جەماڵ نەجاری

خوێندکاری بەشی کوردی,زانکۆی سەلاحەدین

(شەمەی تەنیا)

رقم لە شەمەی پێنجەورزۆر شتی تریش,لەوانە ئاوێنە وپیاوی شکاو وتەنانەت باخچەش.قەلس دەبم,بە دیار ئەم گوتانەوە سەری خۆم هەڵدەگرم و ڕوو لە دەرەوەی تەنیاییم دەکەم.
ناونیشانی من لە دوورترین گەڕەکی ئەم شارە واهەڵکەوتووە,کە خۆشم بە زەحمەت دەیدۆزمەوە.
هەموو بەیانییەك بیر لە ئێوارە دەکەمەوە و ئێوارانیش لە بەر دەرگای ماڵەوە چاوەڕوانی شەو دەکەم.وڵات رەش دەبێت و شەو نایەت,ئیتر خەوم لێدەکەوێ......

(شەمەی یەك)

بەیانی زوو لە دوورترین دووکانی شار ئاوێنەیەك دەکرم,لە گەڕانەوەدا بیر لە سەفەر دەکەمەوە,بەڵم نازانم بۆ کوێ وبۆ چی؟
هەمیشە بە خۆم دەلێم:تۆ دەمێکە بە جێ ماوی لە سەفەرێکی بێ مەنزڵ,دەگریم وژوور بە ژووری ماڵەکەم بۆنی گریانی لێ دێ.بیر لە خۆم ناکەمەوە,نەکا لە خۆبایی بم و خەڵکم لە بیر بچێتەوە....تا بازار دەچم و سەیری ژنی سەر عارەبانە وپیاوی سەر شەقام و منداڵی دەست فرۆش و تەنیایی خۆم دەکەم....
بە زەردەخەنەیەك دەگەرێمەوە,بە زەحمەت ماڵی خۆم دەدۆزمەوە,
لە کابرایەك دەپرسم:ببوورن,ئێوە ماڵی من پێ دەزانن؟
وەکوو ئەوەی پیشەی بەردەوامی بێت,دەستم دەگرێ و کۆڵان بە کۆڵان دەمگێرێ,
لەبەر ماڵێك دەوەستێ و دەڵێت:ئێرە ماڵی جەنابتە....
تازە دەزانم ڕەنگی دەرگاکەم شینە,بێ ئەوەی سوپاسی کەم رادەکەمە ژوورەوە و ئاوێنەکە بە ژووری تەنیاییم هەڵدەواسم.

(شەمەی دوو)

بیانی زوو سەیرێکی ئاوێنە دەکەم و ئەو پیاوەی شێوەی من دەدات سەیرم دەکات.
هەموو بەیانییەکی شەمەی دوو بە دەنگی ئەو پیاوە وردەواڵە فرۆشەی ناو کۆڵان وەخەبەر دێم,بە پەلە دێمە دەر ولە بەر دەرگا دەوەستم,سەیری ماڵی بەرانبەری خۆم دەکەم,کچێکی جوان وخشپیلانە بە دوو چاوی هێمن لە بەر دەرگا سوورەکەیان وەستاوە,لە نێوان من و ئەو دا تەنیا کابرای وردەواڵەفرۆش هەیە وکەسی تر نا........
نازانم پێبکەنم یان بگریم,رادەکەمە ژوورەوە و لە بەرانبەر ئاوێنەی ژوورەکەم دەوەستم,سەیرێکی رووخسارم دەکات وپێم دەڵێ:تۆ لە مانای عەشق دەگەی؟منیش سەرێکی بۆ رادەوەشێنم و بە یەکەوە قاقا پێدەکەنین,
دووبارە رادەکەمە دەرەوە ویەرانبەر دەرگا سوورەکە دەوەستم,کۆڵان لە تەنیایی دا بە جێ ماوە,تەنیا من دواکەوتووم...
نە کچە ماوە نە کابرای وردەواڵەفرۆشەکە....

(شەمەی سێ)

چی تر حەز ناکەم باسی ئەو رۆژانە بنووسم کە پەیوەندییان بە شەمەی سێ وە نییە,بۆیە هەوڵ دەدەم لەمە بەدوا هەمووشەمەی سێ یەك تەنیا ئەو شتانە بنووسمەوە کە پەیوەندییان بە شەمەی سێ وە هەیە ,وەکوو نووسین ,دڕاندن و دووبارە نووسین,
یەك بە یەکی نووسینەکانم دەخوێنمەوە,گوێ یان لێ رادەگرم,هەوڵ دەدەم لە وشە بە وشە یان تێ بگەم ,دواتر شەمەی سێ لام جوانترین رۆژ دەبێ,هەڵدەستم و خواردنێکی جوان درووست دەکەم,پڕی دەکەم لە وردە کاغەز وئەوەندەی تر رۆژەکەم لە لا خۆشتر دەبێت.
جارێك لە ژنێکی گەرەکی خۆمانم بیست,کە من رۆژی شەمەی سێ لەبەر خۆمەوە هەر دەخوێنمەوە وئەوانیش ناچارن لە کۆڵان,لە لە بازار ,لە سەربان,لە هەرجێیەك بێت,ئامادەن گوێم بۆ رادێرن,ئەوکات من لە خۆشیان نووسینەکانم دەخەمە بن باڵم ودەفڕم,ئیتر نازانم بۆ کوێ و بۆ چی؟

(شەمەی چوار)

هیچ شتێك بەقەدرایی تەنیاییی بۆ پیاو ناخۆش نییە,لەمماڵە چەن ژووره دا بەردەوام بە شوێن خۆما دەگەرێم و نایدۆزمەوە...
لە تەنیاییی دا هەوڵ دەدەم بیر لەوە بکەمەوە,رەنگی رەش بۆ جوانە؟ئەوەندە نوقمی ئەو بیرکردنەوەی خۆم دەبم,کە کاتژمێر دەگاتە ئێوارە و من بە هیچ ئەنجامێك ناگەم.

(شەمەی پێنج)

ئەوەندەم رق لەم رۆژە دەبێتەوە کە حەز ناکەم وەخەبەر بێم,هەموو لەشم سست وبێ هێزە,دە ساڵ لەمەو بەر باوکم لە لە شەمەی پێنج دا مرد و من و دایکمی بە گریان بەجێهێشت,من هێشتا پێکەنین و گریانم لێك نەکردەۆتەوە,ئێستاش نازانم شەمەی پێنج گریانم دێ یان پێکەنین,دایکیشم پێنج ساڵ دواتر لە لە شەمەی پێنجێکی رەش و تاڵترمرد,من مامەوەویەك دونیا تەنیاییی,دەزانم خۆشم لە شەمەی پێنجێکی تاڵتردەمرم وتەواو دەبم,..
کەسێك لە ناو ئاوێنەکەی بەرانبەرم وێستاوەوزۆر شێوەی من دەدات,رەنگی مردوو بە رووخسارییەوەدیارە,دەستی بۆ دەبەم,ئاوێنەکە بەردەبێتەوە و ورد وخاش دەبێت و پیاوەکەش.....
لەت وکوتی پیاوەکە لە ناو باخچەکەمدا چاڵ دەکەم ودەیشارمەوە...

(هەینی ئاخر)

دەلێن ئەمرۆ رۆژی پشوودانەو چوونە سەیران ولەم بەزمانەیە....
منیش هەموو هەینی یەکی ئاخر لە ماڵەوە بەرانبەر باخچەکەم پشوو دەدەم و بیرلە هیچ شەمەیەك ناکەمەوە..........

10خاکەلێوەی2707کوردی